# کاک ئیبراهیم عەلیزادە لە چاوپیکەوتنێکدا لەگەڵ«هاووڵاتی»

01 May 2008

**هاوڵاتی: ئێوە وەک کەسایەتییەکی سیاسی و بە ئەزموون چۆن لە ئێستادا هەڵومەرجی کوردستان هەڵدەسەنگێنن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە :کوردستان بە مانای گشتی جوگرافیایەکی پانوبەرینە کە لە نێوان چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەش کراوە، ئەگەرچی لە سەرجەمی ئەو بەشانەدا نەتەوەی کورد دەژین، بەڵام هەرکامەیان هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەیە. گرنگترین خاڵی هاوبەشی هەلو مەرجی سیاسی هەر چوار پارچەکەی کوردستان ئەوەیە کە هەموویان لە ژێر باری ستەمی نەتەوایەتیدان و هەموویان ئامانجی سەرکوتی بە تاک تاک و پیلانی هاوبەشی دەوڵەتانی دەسەلاتدار لەم چوار ولاتەن. ئەگەرچی لە نێوان خەڵکی هەمو پارچەکانی کوردستان دا دەتوانێ هاوخەباتی و خاڵی ستراتیژێکی هاوبەش هەبێ، بەڵام لە دونیای واقعیدا هەر کامەیان بە مەسیری جیاوازی خۆیاندا دەڕۆن. ئەمڕۆکە کوردستانی ئێران بۆ خەباتی لە دژی دەسەلاتی ستەمکارانەی کۆماری ئیسلامی هیچ هاوپەیمانێکی نزیک تری لە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی هاوچارەنووس و ئازادیخواز لە ئاستی سەراسەریدا لە ئێران نییە. هەر بۆیە پیویستە ریزی خۆی لە ریزی ئەوان جیا نەکاتەوە وئەو هاوپەیمانییە بە هێزتر کات. لام وایە گرنگترین خاڵ لە باسی هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێراندا ئەوەیە کە ئەو پێویستییە لە ئاستی جەماوەریدا هەستی پێ کراوە و خەڵکی کورد لە ئێران خەریکە بەو ئاراستەیە دا دەڕوات. خۆش باوەڕی بە ئەمەریکا و رزگاری لە رێگەی ئەمەریکاوە زۆر زۆر کەم بۆتەوە و ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە ئەو خۆش باوەڕییەیان تەبلیغ دەکرد نفوزیان کەم بۆەتەوە. ریفورمخوازەکانی دەوربەری رژێمیش برەویان نەماوە.

سەبارەت بە کوردستانی عێراقیش لاو وایە دوو مەترسی لە رێ دایە: یەکیان ئەوەیە کە بەرە بەرە دەسەلاتی دەوڵەتی مەرکەزی لە روی یاسایەوە، لە رووی ئابوورییەوە، لە روی هەزمکردنی هێزی چەکداری کوردستان لە سیستمەکەی خۆی دا، لە روی کولتوری دەسەلاتەوە ، لە هەموی ئەو بابەتانەوە زیاد دەکات. مەترسی دووهەم حاڵەتێکە لە بێ تەفاوەتی سیاسی کە لە ناو جەماوەری خەڵک دا پەرە دەستێنێ و خەڵک لە جیاتی ئەوەی بیر لە رێگا چارەی گشتی بکاتەوە هەر کەسە هەوڵ دەدات بەرەکەی خۆی لە قوراو بکێشێتە دەرێ و رێگا چارەیەکی تاکە کەسی بۆ خۆی بدوزێتەوە، ئەو حاڵەتە رێگە خۆشکەری دیکتاتۆریەتە.

سەبارەت بە کوردستانی تورکیا ئەوەی کە دەبینرێ ئەوەیە کە پ ک ک وەکوو حیزبێکی سیاسی بە نفوز ستراتیژێکی روونی نییە نە بۆ خەباتی چەکداری و نە بۆ خەباتی جەماوەری. بەو حاڵەشەوە خەباتی جەماوەری و مەدەنی بەردەوام لە پەرەسەندندایە و دەوڵەتی تورکیە توانای دامرکاندنەوەی نییە.

شارەزاییەکی وام لە سەر تەنگوچەڵەمەکانی خەباتی گەلی کورد لە سوریا نییە، دوژمنکاری دەوڵەتی ئەو ولاتە لەگەڵ خەڵکی کورد لە چاو پارچەکانی دیکەی کوردستان کەم وێنەیە. دەورانی بێدەنگی ئەو کاتانەی وا پ ک ک لە وێ حوزوری بوو کۆتایی پێ هاتۆە و خەڵکی کورد باجێک لەم بابەتەوە نادات و بوژانەوەیەک بەرچاوە.

**هاوڵاتی: ئێستا قسە لە سەر ئەوەیە بریاری ١٤٠ و مەسەلەی کەرکوک بخرێتە دەستی «un»ئایا ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: قەزیەی کەرکوک چەند لایەنی جیاوازی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین هەڵوێستێکی واقیعبینانە بەرانبەر بە گەراندنەوەی ئەو کێشەیە بۆ «یو.ئێن» بگەرین پێویستە هەموو لایەنەکانی ببینین و بزانین هەر کامەیان دەتوانن چ

دەورێکیان هەبێ لە چارەسەرکردن و یان لە ئاڵۆزترکردنیدا .هەڵبەت مەسەلەی کەرکوک جیاوازە لە مەسەلەی ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی مەرکەزی دان. کێشەی کەرکوک کێشەی شارێکی فرە نەتەوەیە کە دەبێ ڕێگەی بەیەکەوە ژیانی بە تەبایی و عادلانەیان بۆ دەست نیشان بکرێ، گرنگترین لایەنی قەزیەی کەرکوک، ئەو ڕاستییەیە کە لێرەدا کێشەیەکی واقعی هەیە و خەڵکێک هەن کە ستەمیان لێ کراوە و لە مافی سەرەتایی خۆیان وەکوو نەتەوە و وەکوو ئینسان بێبەش بوون، کوردەکان و تورکمانەکان هەر دوو لایان کەم و زۆر وەکوو یەک تامی تاڵی ئەو ستەمکارییەیان چێشتووە. هەرچەند خەڵکی هەژاری عەرەبی ئەو شارەش بە بەشی خۆی چەوساوەتەوە و لە گەڵێک مافی ئینسانی بێبەش بووە، بەڵام جۆری بێبەشییەکەی جیاواز بووە. ڕاستییەکی تریش ئەوەیە، ئەگەرچی هەر ئێستاش ژمارەی دانیشتوانی کورد زمانی ئەو شارە زیاترە لە نەتەوەکانی دیکە، بەڵام ئەو واقیعییەتەش بۆ هەموو دونیا ئاشکرایە کە ڕژێمی بەعس بە زەبری ئاور و ئاسن و بە زەبری زەختی ئابووری بەردەوام هەوڵی داوە دیمۆگرافی ئەو شارە بگۆڕێ. هیچ ئینسانێکی ئازادیخواز ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە پێویستە ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی عادلانە چارەسەر بکرێ و هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو شارە بتوانن بە بێ هەڵاواردن، بە تەبایی لەپاڵ دەستی یەکتردا بژین و مافی دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان هەبێ.

لایەنێکی دیکەی ئەو قەزیەیە، هەڵوێست و کرداری دەوڵەتی مەرکەزی عێراقە. تا ئێستا هیچ نیشانەیەک لە هەوڵێکی ڕاستگۆیانەی ئەو دەوڵەتە بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە نابیندرێ، بە پێچەوانەوە، تەفرەدان، ئەمرۆ بە سبەینێ کردن و تەنانەت بە شێوەگەلێکی زیرەکانە شوێن گرتنی هەمان سیاسەتەکانی دەوڵەتی بەعس دەرحەق بە خەڵکی ئەو شارە دەبیندرێ. دەوڵەتێک کە بنەمای دەستورەکەی لە سەر شەریعەتی ئیسلام دامەزرابێ، دەوڵەتێک کە تەنیا بەدیلێک کە ئێستا ئەگەری ئەوە هەیە جێگای بگرێتەوە، دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبییە کە ناسیۆنالیستەکانی سوننە و شیعەی لە دەوری خۆی کۆ کردبێتەوە، لە وەها دەوڵەتێک چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ کە بەڕێوەبەری پرۆژەیەکی عادلانە بێ بۆ ئەم قەزیەیە.

موزایدە و ڕکەبەرایەتی دوو حیزبی سیاسی دەسەڵاتداری کوردستان لە سەر ئەو کێشەیە، ناکۆکی ڕانەگەیەنراوی نێوانیان، چارەسەری قەزیەکەی ئاڵۆزتر کردووە. دەوڵەتی مەرکەزی، دەوڵەتی ئەمەریکا، دەوڵەتانی ناوچەکە، هەموویان بەم ڕکابەرییە دەزانن و لە پێناوی دواخستنی چارەسەری کێشەکەدا زیرەکانە بە کاری دێنن، بەرز کردنەوەی دروشمی توند و ڕاشکاوانە لە ڕوالەتدا و سازان و پشتگوێخستنی لە واقیعدا، پێناسەی ئەو موزایەدەیە مونافەسەیە کە لە سەر کێشەی کەرکوک دەکرێ.

دەوڵەتی ئەمەریکا وەکوو هێزێکی دەسەڵاتدار لە عێراق، جیهەتی ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی یەکگرتووی بمێنێتەوە و تەنانەت بۆ بەجێهێنانی دڵی دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکە، گەلێک جار، لە وتاری ڕەسمیدا، عێراق وەکوو وڵاتێکی عەرەبی پێناسە دەکات. کە وابێ بۆ دەوڵەتی ئەمەریکاش چارەسەری کێشەی کەرکوک هەر دەچێتە خانەی ئەو هەوڵێنەی کە بۆ پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق دەیکات. کەرکوک خاوەنی گەورەترین کێڵگەی نەوتە و بوونی کەرکوک بە بەشێک لە هەرێمی کوردستانی فیدراڵ لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبێتە مەترسییەک بۆ پاراستنی ئەو یەکێتییە .

بە بڕوای من قەزیەی کەرکووک لە ڕێگەی ناسیۆنالیستییەوە چارەسەر ناکرێ. کێشەی کەرکوک بە شێوەی عادلانە و کەم ئازار تەنها لە ڕێگای ئینسان دۆستانە و سیاسییەوە چارەسەر دەبێ. هەر چەشنە زاڵبوونی بیروبۆچوونی ناسیۆنالیستی و دەمارگرژ بە سەر پرۆژە بۆ ئایەندەی کەرکوک، ئەمرۆ بێ یان سبەی دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی کارەساتی گەورە، بۆ خەڵکی ئەو شارە.

لە جەرگەی وەها هەلومەرجێکی ئاڵۆزدایە کە قەراری ١٤٠ دێتە گۆڕێ. لە ناو ئەو هەمووە بەرژەوەندییە ناتەبایەدا، و لە وەها هەلومەرجێکدا، لەو باوەڕەدا نیم کە قەراری ١٤٠ بە کردەوە جێبەجێبکرێت و ئەگەریش بە کردەوە جێبەجێکرا بە شێوەیەک بێت کە بە قازانجی زۆربەی خەڵکی ئەو شارە بێت.

ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی راست دەکات، پێویستە بۆ ئیسپاتی نیاز پاکی خۆی، هەر ئێستا تەکلیفی ئەو ناوچانەی کە کێشەی فرە رەگەزییان تێدا نییە و جەماوەرەکەی دەیانەوێ لە رووی ئیدارییەوە بەشێک لە هەرێمی کوردستان بن، روون کاتەوە. کاتێک خۆیان لە جێبەجێکردنی وەها مەسەلەیەک دەپارێزن، مانای ئەوەیە کە پێداگرتنی لە سەر دواخستنی کێشەی کەرکوک بە بۆنەی ئاڵۆز بوونی، بیانویەک زیاتر نییە. کە وایە لە لایەکەوە ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بین دەوڵەتی مەرکەزی بە ڕێگایەکی دیمۆکراتیک و عادلانە و ئینسانی کێشەکە چارەسەر بکات، لە لایەکی دیکەوە کێشەکە واقعییە و پێویستە پێش ئەوەی کۆنەپەرەستی مەزهەبی یان دەمارگرژی شۆڤێنی و ناسیۆنالیستی بەرەو مەسیرێکی پڕ ئازاری بێگەرانەوەی بەرێت، ڕێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقعیەتانەیە کە بە بڕوای من لە جیاتی بیلاتەکلیفی و ئەمرۆ بە سبەی پێکردن، لە کۆتاییدا رەزامەندی بدرێ بە سپاردنی قەزیەکە بە »یو.ئێن«، باشترە و تەوەقوعاتێک کە لە سەر ئەم کێشەیە هەیە بەرەو رووی «یو.ئێن» بکرێتەوە.

**هاوڵاتی: ئاشکرایە ماوەی چەندین ساڵە ئێوە وەک ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە سەر داوای حکومەتی هەرێم و پارتەکانی ئێرە چالاکی سەربازیتان یەک لایەنە راگرتووە، ئایا ئێوە تاچەند سودمەند، یان زیان بەخش بوون لەم مەسەلەیەدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە ئێمە لە سەر داوای حکومەتی هەرێم خەباتی چەکداریمان راگرتووە، بەشێکی چکۆلە لە واقعیەتەکەیە. ئەگەر کێشەی ئێمە لە سەر ئەم مەسەلەیە تەنها داوای حکومەتی هەرێم بوایە و هیچ فاکتۆرێکی دیکەی تێدا نەبوایە، بێگومان هەر چۆنێک بایە ڕێگایەکمان بۆ دەرباز بوون لە ژێر باری ئەو زەختە دەدۆزیەوە .سەبارەت بە خەباتی چەکداری ئێمە لە کوردستانی ئێران پێویستە هەموو فاکتەرەکان بخەینە بەرچاو:

یەکەم، ئێمە هەرگیز ئاگربەسمان لە گەڵ رژێم رانەگەیاندووە، تا کاتێک کە ئەو رژێمە بە زۆری چەک و داپڵۆسین، ئازادیی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خەڵکی کوردستان زەوت کردووە، ئەوە مافی حاشا هەڵنەگری خەڵکی کوردستانە بە گشتی و ئێمە وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسییە کە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو خەڵکە خەبات دەکەین بە تایبەتی، کە وەڵامی ئەم زەبر و زەنگە، بە خۆڕاگری چەکدارانە بدەینەوە. ئێمە زەرفیەتەکانی دەستەبەر کردنی ئەو مافەمان لە خۆماندا پاراستووە و کۆمەڵگای کوردستان ئێمە وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی کە باڵی چەکداری هەیە، دەناسێ. ئەوەی کە لە چ کاتێکدا، لە چ شوێنێک،لە چ ئاستێکدا، ئەم خەباتەمان بەرێوە دەبەین، ئەوە بە پێی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆمان بە شێوەی کۆنکرێت بڕیاری لە سەر دەدەین. بەڵام ئێستا واقعیەت ئەوەیە کە بە کردەوە بەرێوە ناچێ، هەر بۆیە دەچمە سەر فاکتەری دووهەم:

خەباتی چەکداری لە کوردستان، خەباتێکی دابراو لە جەماوەر نەبووە. ئەم خەباتە بۆ وێنە لە جۆری خەباتی پارتیزانی باو لە هێندێک لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، یان خەباتی چریکی، لە زەمانی رژێمی شا، یان خەباتی چەکداری لە چەشنی موجاهدینی خەڵکی ئێران لەم ساڵانەی رابوردوودا نییە. ئەم خەباتە لە سەرەتای شکڵگرتنییەوە، یەکێک لە بوارەکانی خەبات و خۆڕاگری لە ئاستی جەماوەریدا بووە. پەیوەندی راستەوخۆی بە رادەی ئامادەیی و پێشوازی جەماوەرەوە بووە. ئەگەرچی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، باڵی چەکداری حیزبێکی سیاسی بوو، بەڵام نەیدەتوانی بە بێ پشتیوانی جەماوەر، درێژە بە چالاکی خۆی بدات. نەیدەتوانی بە بێ هەڵسەنگاندنی سودمەندبوون یان زیان بەخشبوونی بۆ ژیان و بۆ خەباتی جەماوەر درێژەی هەبێ. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئێمە دەبینین کە خەباتی جەماوەری پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، رەوتی خۆ سازدان و خۆ ڕێکخستن لە قوڵایی کۆمەڵگاوە دەستی پێ کردووە، لە خەباتی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، هونەرمەندان و رۆشنبیراندا، بوژانەوەیەک دەبینین، نامانەوێ ڕێگا بدەین کە کۆماری ئیسلامی بە  بە میلیتاریزە کردنی کەش و هەوای سیاسی ئێستای کوردستان، ئەو حەرەکەتە ساوا بەڵام هیوا بەخشە جەماوەرییە، لە بار بەریت. ئێمە نەبزی خەڵکی وڵاتەکەی خۆمانمان لە دەست دایە و دەزانین کە خەڵکی کوردستانیش هەر ئەو سیاسەتەی لێمان دەوێ.

فاکتەری سێهەم ئەوەیە کە ئەگەر خەباتی چەکداری لە ولاتێکی دیاریکراودا زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە باری هەبێ، ئەگەر بەرپاکردنی بۆ رێکخراوێکی سیاسی دیاریکراو زەروری بێ، دەبێ سەربەخۆ لەوە کە ئایا لە سەر سنوورەکانی وڵاتێکدا رێگای پێ دەدرێ یان پێ نادرێ، بتوانێ بەرێوەی بەرێت .بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٤، ئێمە بە بێ ئەوەی کە پێویستیمان بە کەڵک وەرگرتن لە سنوورەکان حەیاتی بێ دەمان توانی خەباتی چەکداری خۆمان بەرێوەبەرین یان هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چەندین ساڵ بە دەرەجەی یەکەم بە پشت بەستن بە شوێنە ئازاد کراوەکانی کوردستانی عێراق خەباتی چەکداری خۆی درێژە پێ دەدات. گرنگی ئەو فاکتۆرە بە تایبەتی لەوەدایە، کە ئەگەر مان و نەمانی خەباتی چەکداری لە وڵاتێکدا، گرێ بدرێ بە موافقەت یان موخالیفەتی وڵاتی دراوسێ، ئیتر ناکرێ بڵێین سەر بە خۆ بەرێوە دەچێ، بە پێی بەرژەوەندی دراوسێیەکە چارەنووسی دیاری دەکرێ. هەرکات ویستی مەجالی چالاکی پێ دەدات و هەر کات نەی ویست دای دەخات. لە سەرجەمی ئەو باسەدا دەمەوێ بە کورتی لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا بڵێم کە بە بڕوای من کۆمەڵە لەو سیاسەتەی خۆیدا سودمەند بووە و بەم شێوەیە پەیوەندی سیاسی خۆی لە گەڵ خەڵکی کوردستان مەحکەمتر و جێکەوتووتر کردووە.

**هاوڵاتی :ئەگەر هۆکاری وەستانی خەباتی چەکداری هەر حکومەتی هەرێم نەبووە، ئەی لە دوای راپەرین بۆ یەکێتی رادیۆی حیزبی دیموکراتی داخست؟ لە سەر ئەوە نەبوو کە چالاکیان هەبوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر درێژە پێدان بە کردەوەی چەکداری زەرورەتێکی حەیاتی بێ، مانای ئەوەیە رێگەیەکیشی دەتوانێ بۆ پەیدا بێت. حیزبی دیموکرات ئەو کات رادیوەکەی گواستەوە بۆ شوینی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی عێراقیش دژ بە چالاکی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران نەبوو. بۆ ئەو جۆرە زەختانە بەدیلی تر هەیە، مەسەلە ئەوەیە کە لەوکاتەدا ئەو شکلە لە خەبات چەندە پێویست بووە و چەندە ویستی کۆمەڵگا بووە.

**هاوڵاتی: ئێستە باسی ئەو حاڵەتە دەکەی کە بیرتان زیاتر لە خەباتی جەماوەری کردۆتەوە، بەلام دەکرا بیرتان لە هەردوو لایەنەکە بەیەکەوە بکردایتەوە، بۆ نموونە پەژاک لە رێگەی چالاکی سەربازییەکەیەوە لە نێو جەماوەردا نفوزی زیادیان کردووە، ئایا کۆمەڵە کە خاوەن ئەزموونێکی زیاترە نەیدەتوانی ئەوە بکات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە :مەسەلە تەنیا ئەوە نییە کە ئیمە بیرمان لە خەباتی جەماوەری کردبێتەوە، مەسەلە ئەوەیە کە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان گۆڕاوە و بەوپێیە ئەولەویەتەکانی ستراتێژی ئێمەش لەو کۆمەڵگایەدا پێویستە لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێ. دڵنیاتدەکەم کە کۆمەڵگای کوردستان ئەو سیاسەتەی ئێمەی لا پەسەند ترە و لەگەڵ وەزعی تازەی خۆی بە گونجاوتری دەزانێ. چالاکی سەربازی ئەگەر بەشێک لە ستراتێژێکی روونی سیاسی نەبێ مەودای زۆر کورتە. بە پێی بەرژەوەندیکی کاتی دێتە ئاراوە و بە ئیرادەی ئەم و ئەو لە بار دەچێ.

**هاوڵاتی: هەلومەرجی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە ئایندەدا چۆن دەبینیتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خاڵە سەرەکییەکانی رەوتێک کە بۆ داهاتوی عێراق دەبینرێ ئەمانەن: پێگەی حیزبە سیاسییەکانی شیعە لە باشووری عێراق هەتا دێت لاوازتر دەبێ، ئەوان نەیانتوانی نمونەیەکی باش لەو دەسەلاتی خۆیان بە خەڵکی ئەو ناوچانە نیشان بدەن و تا سەر ناتوانن لە سەر ئەساسی هاندانی دژایەتی لەگەڵ سوننەکان ئەو پێگەیە بپارێزن. ناسیۆنالیسمی سوننە هەتا دێت پشتیوانی زۆرتری دەوڵەتانی عەرەبی بە دەست دێنێ، رەوتی ئیسلامی توندرەو لە قالبی ئەلقاعیدە دا ناتوانێ بەدیل بێ بۆ دوارۆژی ئەو وڵاتە و تەنیا بە هۆی حوزور و هەڵسوکەوتی ئەرتەشی ئەمەریکاوە دەوامی هێناوە، دەسەلاتی میلیشیا بەرەو لاوازتر بون دەچێ و ئەرتەشی عێراق بەردەوام خەریکە بەهێزتر و مۆنسەجیمتر دەبێ، ئەمەریکا وردەوردە هێزەکانی خۆی لە شەرەکان دەکێشێتە دەرەوە و هەوڵ دەدا لەگەڵ ئەوەشدا کە پێگەی خۆی لە عێراق دەپارێزێ لە روالەتی هێزێکی داگیر کەر بێتە دەرێ و دور و نزیک چاوەدێری بەرەو پێش چوونی پرۆسەی دلخوازی خۆی بکات. دەوڵەتی ئەمەریکا هەتا دێت لە سەر سیاسەتی پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق زۆرتر ساغ دەبێتەوە.

ئەو ڕەوتە ئەگەرچی لە هیچ کام لەم بوارانەیدا کە باسم کرد بە ئاکامی کۆتایی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام بەرەوپێش چوونی تا ئێستای مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی مەرکەزی لە عێراق بەرەو شکڵگرتنی دەوڵەتێکی عەرەبی لە چەشنی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەچێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بێ هیچ پرۆژە و پلانێکی دیاریکراو بە شوێن ئەو ڕەوتەدا دەڕوات. بەو پێیە لەو ڕۆژەوە کە ڕژێمی سەدام رووخاوە تا بە ئەمڕۆ بەردەوام رادەی دەسەڵاتی ئیداری حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کەمتر بووەتەوە و کوردستان زیاتر بە حکومەتی مەرکەزییەوە گرێ دراوە. هیچ حەرەکەتێکیش نابیندرێ کە بیهەوێ بەرانبەر بە ڕەوتی بەرتەسک بوونەوەی ئەو دەسەڵاتە رابوەستێ. لە بواری سیاسییەوە لە بواری شێوەی بەرێوە بردنی وڵاتیشەوە، ورده ورده هەتا دێت زیاتر ڕەنگ و بۆنی دەوڵەتی مەرکەزی بە خۆیانەوە دەگرن و لە واقیعدا ناکرێ لە وڵاتێکی دیکتاتۆری نەریتی عەرەبیدا، جەزیرەیەکی دیموکراسی دابمەزرێ.

ئایەندەی کوردستان بەوەوە گرێدراوە کە لە کوێوە و کەی و چۆن، بەرهەڵستێک بەرانبەر بەم ڕەوتە پێکدێ، چۆن ڕەوتی بێ تەفاوەتی سیاسی خەڵک پێشی پێ دەگیرێ و جەماوەری خەڵک بۆ بەرگری لە ماف و لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان چالاکانە دێنە مەیدان.

**هاوڵاتی: بە رای ئێوە ئایندەی کوردستانی ئێرانیش هەمان ئایەندەی کوردستانی عێراق دەبێت، یان بە شێوەیەکی تر، زەمانەت چییە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێستای کوردستانی ئێران لە سبەینێدا وەک بەرەی کوردستانی لای ئێمە نەبێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستانی ئێران گەلێک جیاوازە. ئەگەری هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر رژێمی ئێران و روخاندنی ئەو رژێمە لە شێوەی سیناریۆی عێراقدا، زۆر زۆر زەعیفە. نە خەڵکی ئێران و کوردستان ئەوەیان دەوێ و نە هیچ نیشانەیەک لەوەی کە دەوڵەتی ئەمەریکا بیهەوێ بەم ڕێگایەدا بڕوات دەبیندرێ. لە وەها بارودۆخێکدا، خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ ئازادی زیاتر بە خەباتی سەراسەری لە ئێران لە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دەدرێ. ئەو خەباتەش کە ئێستا لە ئێران لە ئارا دایە، لە قولایی کۆمەڵگاوە هەستاوە و ڕەنگدانەوەی، چەوساندنەوەی چینایەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی و بوژانەوەی بیری پێشکەوتنخوازانە و لە گەڵێک بواردا سۆسیالیستییە، ئەو خەباتە ئەزمونی تاڵی شکستی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانی لە بەرچاوە و لە ڕەوتی بەرەو پێش چوون و بە ئاکام گەیشتنی خۆیدا، دەتوانێ داهاتوویەکی گەلێک جیاواز لەوەی کە ئێستا لە عێراق لە کایەدایە بەدی بێنێ. ئەگەر بنەمای هاوکاری حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە سەر ئەساسی خاڵی هاوبەشی ستراتێژیک و لە سەر بنەمای بە رەسمی ناسینی مافی دەسەڵاتداریەتی بۆ جەماوەر دابمەزرێ، ئەگەر سەرکەوتن نەک خەڵاتی زلهێزێک بەڵکوو ئاکامی خەباتی سەنگەر بە سەنگەری خەڵکی کوردستان بێ، ئەوانە خۆیان لە خۆیاندا دەبنە زەمانەت بۆ سەرکەوتنی حەرەکەتەکە .

**هاوڵاتی: پێتوایە ئێستا دوای ١٧ ساڵ لە دەسەڵاتی کوردی و جۆرێک لە ئابووریی سەربەخۆی کوردی، خەڵک پێشتر حەماسەتی شۆڕشگێڕیی زیاتر هەبوو یان ئێستا، بە کورتی لاوانی دوای ڕاپەڕین ئەوانەی پەروەردەی دەستی ئەم دەسەڵاتەن بەراورد بە سەردەمانی ڕاپەڕین چۆن دەبینیتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئاشکرایە کە ئەو حەماسەتەی ئەو کاتە نەماوە و لام وایە نەشدەکرا بەم شێوەیە بەردەوام بێ. بەرەی چەپ نەیتوانی وەکو بەدیلێک بێتە کایەوە و کەشوهەوای سیاسیی کوردستان بە دەرەجەی یەکەم لە ژێر کاریگەریی ڕەوتی ناسیونالیستیدا مایەوە. ئامانجی کۆتایی ناسیۆنالیزمی کوردیش لە رادیکاڵترین رواڵەتی خۆیدا، ئەوکات کە بڵێین بە تەواویش پێی پابەند بێ بە دروشم و بە ئامانجەکەی، رزگارکردنی نەتەوەی کوردە لە ستەمی نەتەوایەتی، لە هەر ڕێگایەکەوە کە بۆی بگونجێ. حیزبە سیاسییەکانی ئەو ڕەوتەش ئەم ئامانجە بە بەدەستهێنانی پشکێک لە دەسەلات مانا دەکەنەوە. دوو حیزبی سیاسی دەسەلاتداری ئەمڕۆی کوردستان، لەم رابوردوودا چ ئەوکات کە خەباتی چەکداریان کردووە، چ ئەوکات کە خەریکی موفاوەزە بوون، چ تەنانەت ئەوکات کە بە کردەوە ئیدارەی

وڵاتیان سەربەخۆ لە دەوڵەتی مەرکەزی بە دەستەوە بووە، هەرگیز دروشمی جیابوونەوە و پێک هێنانی وڵاتێکی سەربەخۆیان بەرز نەکردووەتەوە، کەم و زۆر هەر ئەوەیان ویستووە کە ئێستا بە دەستیان هێناوە. حوکمیزاتی یان فیدراڵی ئەگەر لە کێشەی کەرکوک و شوێنە کوردنشینەکانی دیکە بگەڕێین، لە ناوەڕۆکی خۆیدا، هەر تۆزێک دەتوانێ لەوەی کە ئێستا بە دەستهاتووە بەربڵاوتر بێ. بەڕێوەبردنی ئابووری و مەسەلەی ئیدارەی وڵاتێکی رزگار کراو یا نیوە رزگار کراو، ململانێ و کێشە چینایەتی و سیاسییەکانی، ئەوانە پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی ئەو کۆمەڵگایە و رادەی بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسی و چینایەتی لەو کۆمەڵگایەدا هەیە. ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین رێبازێک کە ئامانجی خۆی رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی داناوە و ئەوەشی بە پرۆژەیەکی دیاری کراو، فیدراڵی یا شتێکی لەو چەشنە مانا کردووەتەوە، وڵاتەکەشمان بۆ بکاتە بەهەشتی سەر زەوی. ئەو حەماسەتەی ناسیۆنالیسمی کورد لە کاتی خۆیدا هەڵیخراندبوو، لەوە زیاتر بڕی نەدەکرد. لاوانی کورد و خەڵکی کورد بە گشتی ئێستا پێویستە داهاتووی خۆیان لە سەر بناغەیەکی نوێ دابمەزرێننەوە. ئێستا ئەو راستییە دەرکەوتووە کە رێبازی ناسیۆنالیستی نەک هەر ناتوانێ ژیانی بەختەوەرانە بۆ ئینسانی ئەو وڵاتە دابمەزرێنێ، بەڵکوو لە بە ئەنجام گەیاندنی قەتعی ئامانجەکەی خۆیشیدا بێتوانایە. بە بڕوای من جیلی نوێی ئەو وڵاتە پێویستە بیر لە داهاتوو بکاتەوە. پێویستە ئاگایانە واز لەو کۆڕەوە بەرەو هەندەران بێنن ، ئەم وڵاتە هەموو پێویستییەکانی ئاوەدان بونەوە و بوژرانەوە و رێکخستنی ژیانێکی ئینسانی و باشتری تێدا هەیە، بەڵام دیارە ئەو ئاواتە ناتوانێ خەلاتێک بێ کە بێ ژانە سەر، هێزێک لە دەرەوە را بۆمانی دابین بکات، لەم بوارەدا ئەوەی کە بە دەست و مستی خۆیان بە دەستی نەهێنن، بەدی نایەت .